# ئێراقو گووتاری کوردی

نووسینی: ئیسماعیل ئیبراهیم ڕواندزی

ئەمڕۆ ئێمە لە سەردەمی پاش شەڕی ساردو 11 سێپتێمبەر دەژین. خۆ ڕاستە کورد لە ڕابردوودا خاوەنی دەیان سەرکردەی زاناو گەورەیە، هەروەها خەبات و قوربانییەکی بێوێنەشی هەیە، بەس ڕاستی مەسەلەکە ئەوەیە کە قۆناغێک و سیاسەتێک و گووتارێک کە پێشتر دەبردرا پێشەوە ئەمڕۆ سەردەمی بەسەرچووەو کۆتایی پێهاتووە، هەروەها لەهەمان کاتیشدا ئەو سیاسەتو گووتارە میراتێکی بۆ ئێمە جێهێشتووە کە بەشێکی بەرچاو لە ناوەندە سیاسیو ڕۆشنبیرییەکانی کوردستان داننانێن بە بوونی و هەربۆیەش کەسیان ناچنە سەری،کە خودی ئەم میراتەش دوو ستراتیژی جیاوازی سیاسیو ڕۆشنبیری لە کوردستاندا سازکردووە.

ڕووخانی کۆماری کوردستان لە مهاباد و هەڵگیرسانی شەڕی ساردو قوتبەندبووبی جیهان لە نێوان یەکێتیی سۆڤیەت و وڵاتە ڕۆژئاواییەکان بە سەرۆکایەتی ئەمریکا ئەو هۆکارو کاریگەرییانە بوون کە وایکرد ڕەوتی کوردی لەڕووی مەعریفیو فیکرییەوە بکاتە پاشکۆی چەپ، بەتایبەتیش چەپی ڕووسی، پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە کاریگەری ئەو پاشکۆتییە چی بوو؟ ڕاستییەکەی ڕووخانی کۆماری کوردستان بووە هۆکاری درووستبوونی هەڵەیەکی ستراتیژی کوشندە لە بیری ناسیۆنالیزمی کورد، کە لەلایەک ئەم شکستە گەورەیە ئەنجامی سیاسی لێوەرگیراو لە لایەکیتر قوتبەندبوونی جیهان لە نێوان ئەمریکاو یەکێتیی سۆڤیەت هەڵومەرجێکی خولقاند کە عەقلانییەتێکی گەوەرەی دا بەو ئەنجامە سیاسییە. ئەگەر سەیرکەین ئێمە، لە هەڵومەرجی تایبەتی و مێژوویی شەڕی سارددا،  کێشەی نەتەوەیی و گووتاری ناسیۆنالیستمان، ناڕاستەخۆ گۆڕی بە کێشەی کەمینەیەکی نەتەوەیی لە ئێراقو لەسەر ئەو بنەمایەش ستراتیژی سیاسیو نەتەوەییمان سازکرد، کە مەبەستی ئێمەش، وەک کورد، دابینکردنی مافەکانی ئەو کەمینەیە، لە چوارچێوەی قەوارەی سیاسیو یاسایی ئێراقدا، بوو. ڕەنگە کەسێک بپرسێ، ئایا ئەوە مانای وایە دەبێ ئێمە هەموو دەسکەوتو خەباتی خۆمان لە ماوەی ڕابردوو لە سەبەتەیەک کۆبکەینەوەو فڕێیدەین؟ بێگومان نەخێر، من لێرەدا، کە ڕەخنە لە گووتاری کوردی ، لە سەردەمی شەری سارد، دەگرم، مەبەستم ئەوەیە ڕۆشنی بکەمەوە کە ئەگەر هەڵومەرجی مێژوویيو نێونەتەوەیی لەو سەردەمەدا عەقلانییەتێکی بەو ستراتیژەو گووتارە هەڵەیە دەد،ا ئەوا ئەمڕۆ ئێمە وەک نەتەوەی کورد لە هەڵومەرجێکی زۆر جیاواز دەژین، کە لە ئیلیتی سیاسیو ڕۆشنبیری کورد دەخوازێ خوویندنەوەیەکیتر بدا لە مێژووی خۆیو دیاری بکا کە چ شتێک لە گووتارو ستراتیژمان لابدەینو چ شتێکیش بهێڵینەوە.

قوڕبەسەرییەکە لەوەدایە، پاش ئەم هەموو تەجرووبەو تاقیکردنەوە تاڵانەی سەردەمی شەڕی سارد،  تا ئەمڕۆشی لەگەڵ دابێ هەندێک ڕەوتی سیاسی و کۆمەڵێکی بەرچاویش لە سیاسیو ڕۆشنبیرەکانمان بە چاویلکەی سەردەمی شەڕی سارد گۆڕانکارییەکان هەڵدەسەنگێنڼو لەوێشەوە نەیانتوانیوە ئەلقەی ئەسڵی لە خەباتی کورد بۆ ڕزگاری بپێکن. ئێمە وەک کورد خەباتێکمان لە ڕابردوودا کردووەو لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی زۆر نابەرابەردا کۆمەڵێ هەڵەی ستراتیژیمان کردووە، کە ڕەوتی کوردی چ ئەو بەشەی کە خەریکی ڕووخاندنی ئیمپریالیزم بووە و بیری چووە کە ئەولەوییەتدان بە خەباتی دژی ئیمپریالیستی شانبەشانی بەعسیو قەومییە عەرەبەکانو شیوعییەکانی سەر بە یەکێتیی سۆڤیەت هیچ پەیوەنی بە رزگاری کوردستانو بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی ئەوەوە نییە،و چ ئەو بەشەی ڕەوتی

کوردی کە بەدوای سازکردنی دیموکراسی لە ئێراقدا بوو. ئەگەرچی ڕەوتی ڕووداوەکان زیاتر عەقلانییەتی بەم بەشەی دوایی لە ناسیۆنالیزمی کوردیدا، بەڵام دیسان بەستنەوەی ستراتیژی نەتەوەیی کورد بە بنیاتنانی دیموکراسی لە ئێراق یەکجار جێی باسە، بۆچی؟ چونکە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ هێچ ڕەوتو هێزێکی کوردی نابینییەوە کە لێکدانەوەو شیکردنەوەیەکی جیدی دابێ لەسەر ئەوەی کە ئەو لە داهاتووی ئێراق لە گەڵ کێو کام هێزی ئێراقی قەرار بوو ئێراقێکی دیموکراسو چەند کلتووریو چەند ناسنامەیی سازبکا کە تیایدا ئەو هێزە ئێراقیانە دانبنێن بە بوونی دیموکراسیو ئازادیو بوونی نەتەوەییو جوگرافیاو سەروەری کورد.

بەڕاستی ئێمە وەک کورد دەبێ تێبگەین کە بارووددۆخی ئەمڕۆی جیهان کۆتایی هێناوە بە گووتارو ستراتیژی قۆناغی ڕابردووومان. کورد کەمینە نییە، کورد نەتەوەییەکە دەبێ خاوەنی دەوڵەتی خۆی بێو ستراتیژو گووتاری سیاسیشمان دەبێ لەسەر ئەوە ساغ بێتەوە. ستراتیژی کورد نابێ لەسەر ئەوە ساغ بێتەوە کە کورد شتێک لە جوارچێوەی ئێراق دابین بکا ئینجا ئەو شتە حوکمی زاتی بێت، فیدڕالی بێت، کۆنفیدڕالی بێت یان هەر شتێکیتر بێت. دەبێ ئەوەش بڵێم کە من لێرە مەبەستم ئەوە نییە لە هەڵومەرجی تایبەتی و دیاریکراوی سیاسیو نێونەتەوەیی ئەمڕۆی کوردستان، دژی دابینکردنی ئەو مافانە بم لە چوارچێوەی ئێراق، بۆ نموونە من دژی فیدڕالی نیم ئەگەر گووتاری کوردی وەک تاکتیکێکی سیاسی لە هەڵومەرجی دیاریکراوی مێژوویی ئەمڕۆی کوردستان و ناوچەکەو جیهان سەیری بکا. خۆ فیدراڵی خۆی لە خۆیدا شتێکی عەجیب و غەریب نییە، بەس پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە کە ئایا ئەگەر فیدڕالی لە ئێراقدا سەری نەگرت کورد پلانی B هەیە؟ ئایا ئەوانەی ستراتیژیان لە چوارچێوەی ئێراقی فیدڕال زیاتر بڕ ناکا هاتوون باسێک لەسەر ئەمە بکەن؟

ئاخر خۆ ئاراستەی ڕووداوەکان هەندێکجار لەدەرەوەی ئیرادەو مەیلی ئێمەیە.، مێژوو پێمان دەڵێ کە هەموو خەتای ئێمە نەبووە کە نەمانتوانیوە دەوڵەتی کوردی سازبکەین چونکە ئەگەر سەیرکەین لە سەرەتای سەددەی بیستەمو دوای ڕووخانی کۆماری کوردستانیش هەندیکجار ڕەوتی ڕووداوەکان وا گۆڕاوە کە لە دەرەوەی ئیڕادەی خۆمان بووە، یانی بێئەوەی ئێمە پێشبینی بکەین دەبینین هەندێک ڕووداو هاتوون کە بارووددۆخەکەی 180 پلە گۆڕیوەو ئێمە تێیدا بووینەتە قوربانی. هەربۆیە ئەوەی کە ئێمە جارێکی دی ببینە قوربانی ململانێی دەسەڵات شتێکی موستەحیل نییە لە سیاسەتدا، بەس پرسیار ئەوەیە تۆ چۆن گووتارو ستراتیژێک سازدەکەی کە تا ڕادەی مومکن ڕێگە لە دووبارەبوونەوەی هەفتاوپێنجێکیتر بگری. من پێموایە بزووتنەوەی نەتەوەییو سەرکردایەتی کوردستان دەبێ دەستبەجێ (دیارەگرنگە ئاماژە بەوە بکەم کە خۆشبەختانە ئەمڕۆ لە نێو سەرکردایەتی باشووری کوردستان ڕەوتێکی نەتەوەیی خاوەن ستراتیژێکی نەتەوەیی ڕۆشنو یەکگرتوو ، بە تایبەتی لە بەشی سەرۆکایەتی کوردستان، دەبینرێ) بچێتە سەر پڕۆژەی دەوڵەت – نەتەوە لە کوردستان بە مەرجێ لە پەیوەندییە دبلۆماسییەکانیدا سیاسەتی ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان هێزەکانی ئێراقو ناوچەکەو زلهێزەکان بباتە پێشەوەو لە خۆڕا دژایەتی هیچ کە سێک نەکاو دۆستایەتی هەرلایەنو کەسێکیش بکا کە بارووددۆخی سەرکەوتنی ئەو پڕۆژەیە مسۆگەر دەکا.

هەولێر / June– 2007